لەوەڵامی پرسیارێكدا

# سەبارەت باندە تیرۆریستیەکەی شێخ زانا و دەزگاکانی ئاسایشی کوردستان

**خەسرەوسایە:** ئەوەی کەیەکیك لە باندەکەی شیخ زانا مولازمی ئاسایشە و تەنانەت ئەوەشی کە ئەم گروپە دەتوانی بۆ ماوەی چەند سالیك کاربکاو خۆی نەهینی بکاتەو گەرا هەلخات.. ئەتوانی بەلگەی دیارکروا لەسەر رەوشت و ناوەرۆکی کاری دەزگاکانی ئایاسیشی یەکیتی وپارتی بەدەستەوە بدات، لەمبارەوە تاچەند پیتان وایە دەزگاکانی ئاسایشی یەکێتی وپارتی ئەرکی دابینکردنی ئاسایشی کۆمەلگا وبەرگرتنیان لەتیرۆر لەئەستۆ بگرن وبەدوای ئەم رووداوەدا خەلکی چ چاوەروانی‌یەکیان لێ بکات، بەتایبەتی کە پەیتاپەیتا دەسەلاتداران داوا لەخەلك دەکەن هاوکاری دەزگاکانی ئاسایش بکەن؟



**سامان ئەحمەد:** دەست خۆشیت لێدەکەم بۆ ئەم دەرفەتە. بەڕای من ڕوودانی ئەو تاوانانەی گروپە تیرۆریستیەکەی شێخ زانا لەگەڵ خۆیدا دەزگاکانی ئاسایشی پارتی و یەکێتی بەتەواوی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەوە نیشان دەدات کەدەزگای ئاسایشی ئەم حزبانە نەك هەر چاوکراوە نین بەڵکو تیرۆریزمی ئیسلامی دەتوانێ لەبن دەستی ئەواندا خۆی مەڵاس بدات و تاوانی خۆی ئەنجام بدات. ئیتر خەڵك چ چاوەڕوانی و متمانەیەکی بەم دەزگایانە هەبێ؟ هەربۆیە پێش هەموو شتێك بەپێی مەنتیقی خۆشیان بێت دەزگای ئاسایشەکانیان پێویستی بەپاکسازی و لەسەرکارلابردنی بەرپرسەکانیان هەیە. بەڵام گەر پاراستنی ئاسایش لەدەست خەڵك خۆیاندا بێت زۆر باشتر ئەتوانن بیپارێزن.

هاوکات پەرەسەندنی تاوانەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی لەکوردستاندا بۆ ئەو ئاستە دڕندانە و مەترسیدارە ئەوە نیشان دەدات کە ئەم دەزگایانە چی تر ناتوانن کۆمەڵگای کوردستان لەهەڕەشە و دڕندەیی ئیسلامی سیاسی بپارێزن، پاراستنی ژیان و ئاسایشی خەڵك پێویستی بەئاوڕدانەوەی جدیە. هاوکات دەبێ یەکێتی و پارتیش بە سیاسەت و مامەڵەی تا ئێستای خۆیاندا بچنەوە. چونکە ئەگەر سەرێکی تیرۆریزمی ئیسلامی دەستە و تاقمە ئیسلامیەکان بێت سەرێکی تری ئاکامی سیاسەت و شێوەی مامەڵەکردنی تا ئێستای پارتی و یەکێتی یە. دەستگیرۆیی کردن و هاوکاری کردنی دەستەو تاقمە ئیسلامیەکان و بەشداری کردنیان لە دەسەڵات و ئیدارەکانی خۆیاندا، جێبەجێکردنی داواو خواستەکانی جمهوری ئیسلامی و دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی خەلیج لەکوردستان و دەروازە کردنەوە بۆ دەستەو باندە تیرۆریستی و جاسوسیەکانیان لەکوردستان. هێشتنەوەی قانونی کۆنەپەرستانەی ئەحوالی شەخسی ڕژێمی بەعس لەکوردستان و دژایەتی کردنی ڕەوتی مەدەنیەت و عەلمانیەت و ئازادیخوازی لەکوردستان، دەستگرتن بە پشتوێنی مەلاکان و شێخەکان و هاوکاری کردنیان ... هتد، هەموو ئەمانە سەرچاوەی پەرەسەندنی ڤایرۆسی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمەکەیەتی لە کوردستاندا و  چی تر بە دەزگاکانی ئاسایشی ئەم حزبانە کۆنترۆڵ ناکرێت.  چونکە ئەم ئاوە لە سەرچاوەوە لێڵە.

لە وەزعیەتێکی وادایە کەسێکی وەکو شێخ زانا توانیویەتی لەسایەی سیاسەت و شێوە مامەڵەکردنێکی لەم چەشنەی ئەم حزبانەدا خۆی مەڵاس بدات و تەنانەت لەناو دەزگای ئاسایشی ئەواندا گەرا بخات. ئەم ڕووداوانە دەلیلی ئەوەیە ئاخۆ چەند مەلا و چەند شێخی تر چەند تیرۆریست و جاسوسی تری دەستەو تاقمە ئیسلامیەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە لە دەزگاکانی ئاسایش و لە دیوەخان و ڕیزی ئەم حزبانە و دەزگا ژێربەژێریەکانیاندا خۆیان مەڵاس داوە. هەربۆیە پارتی و یەکێتی و دەزگای ئاسایشەکانیان نەك تەنها وەکو دەسەڵاتدارانی کوردستان کەپاراستنی سەلامەتی ژیان و ئاسایشی خەڵکیان لەئەستۆدایە، بەرپرسیارن. هاوکات سیاسەت و مامەڵەی کۆنەپەرستانەی ئەم حزبانە بەشێکن لە هۆکار و گەشەی ئەم تاوانانە لەکوردستاندا.  دەبێ کۆتایی پێ بێت.

2005/7/23